عێراق و میسر تاوتوێی دۆسیەی پیشەسازی دەرمان دەکەن



ئەمڕۆ یەکشەممە"ساڵح حەسناوی" وەزیری تەندروستی لەگەڵ "خالد عەبدولغەفار" هاوتا میسرییەکەی تاوتوێی دۆسیەی پیشەسازی دەرمانی کرد، هاوکات "حەسناوی" داوای لە کۆمپانیا میسرییەکان دەکات کۆببەرهێنان لە کەرتی تەندروستیدا بکەن لە عێراق.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی وەزیری تەندروستی لە ڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە:- لە پڕاوێزی کارەکانی خولی 77ی ئەنجومەنی گشتیی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیە"ساڵح مەهدی حەسناوی"وەزیری تەندروستی و وەفدی یاوەری ،لەگەڵ "خالد عەبدولغەفار" وەزیری تەندروستی میسر لە بارەگای نوێنەرایەتی کۆماری میسری عەرەبی لە نەتەوە یەکگرتووەکان،بە ئامادەبوونی "عەبدولکەریم هاشم " باڵیۆزی کۆماری عێراق و "سامان بەرزنجی " وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان گفتوگۆی لەسەر ژمارەیەک دۆسیە کرد .

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە : وەزیری تەندروستی جەختی لە جێبەجێکردنی ئەولەویەتەکانی بەرنامەی حکومەت و ڕێنمایەکانی" محەمەد شیاع سودانی" سەرکۆماری کردەوە ، لەبارەی پڕۆپەدانی کەرتی تەندروستی لەوانەش دروستکردن و بەڕێوەبردنی نەخۆشخانەی مەدەرن،لەو ڕوانگەیشەوە بانگهێشتی کۆمپانیا میسرییەکان دەکەین.

وەک ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی پێداوە :-

لە دەسپێکی بۆ خۆجێکردنی پیشەسازیی دەرمان و ئاوگەکردنی ئەزمونەکان و تەمارکردنی کەمپانیا میسرییەکان لە عێراق و هەروەها کەمپانیا عێراقییەکان لە میسر تاوتوێکران، جگە لەوەش گفتوگۆکرا لەسەر جێبەجێکردنی یاسای بیمەی تەندروستی و سوودمەندبوون لە ئەزموون و شارەزایی میسر و وەاتانی دیکە لەم بوارەدا.

هەروەک هەردوولا جەختیان لە بەردەوامی پەیوەندی و هاوکاری کردەوە بۆ گەیشتن بە بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی لە هەردوو وەاتدا.